# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# ((بەرەو وەزارەت))

## ٢

وا ڕێکەوت لەو ڕۆژانەدا «کۆلۆنێل ولْسن» گەورە بەرپرسی ئەمریکی دەستبەرداری ئەرکەکەی بوو، بەر لەوەی بگەڕێتەوە ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاری ئاهەنگێکی ماڵئاوایی لێکردنیان دا و، دەستنیشانی (جوندیان)یان بۆ ئەو مەبەستە کرد، بڕیاریان دا وەزیران و جێگرانیان ئامادەبن، ڕێوڕەسمەکە بە شێوازێکی زۆر جوانی کوردانە بەڕێوەچوو، نایابترین جۆری خواردنەکانی (هەولێر)یان ئامادەکردبوو، خواردنەکانی خانەدان و ئاغالەرەکانی شارەکە، دیارە خواردنی ئاغایانی (دزەیی) هەمیشە (فیرست کلاس) بووە. بەڕێز (د.فوئاد مەعسووم)ی سەرۆك وەزیران یەك یەکی ئێمەی بە (کۆنۆلێل) ناساند، کە گەیشتە سەر من، بەڕێزیان فەرمووی: ئەمە شکسپێری ئێمەیە و ڕابەری شانۆی کوردستانە. ئیدی (کۆلۆنێل) تێر دەستی گوشیم و بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی: هیوادارم تۆش وەك (میستەر ریگن)ی ئێمە ببیتە سەرۆك. ئەو ڕۆژە کاتێکی خۆشمان بەسەر برد، بۆ گەڕانەوە، هەروا ڕێککەوت من لەگەڵ (بەڕێز قادر عەزیز) بگەڕێمەوە، لە ڕێگا لە دوتۆی گفتوگۆماندا، پرسیارێکم لێکرد: من تەمەنێکە سەرقاڵی هونەر و زانستی دەنگی و ئاخافتنم و هەر لەو بوارەدا سێ کتێبم نووسیوە (گوتاربێژی و دەمودو – دەنگسازی – زانستی دەنگی و ئاخافتن) ساڵەها مامۆستای ئەو بابەتە بووم، حەزدەکەم بپرسم، لەکەیەوە و بەچی دەنگت نوساوە؟ ئایا بە جۆرێك لە جۆرەکانی نەخۆشیی گرانەتا تووش بوویت و کاری کردۆتەوە سەر دەنگت؟ لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ تووشی ئەو گرانەتایە بووم، کە تۆ باسی دەکەیت. بەڵام ساڵەهایە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێم، تەنانەت چوومەتە (مۆسکۆ) و دەیان شوێنی دیکە و هیچ ئاکامێکی نەبووە. وتم: دەکە وای لێهات، با مژدەت بدەمێ، چاك دەبێت. ئەوە ڕۆژان و ئەوە من و تۆ، یەکدی دەبینینەوە. سوپاس بۆ خودا، دواجار دیمەوە دەنگ و دەمودوی بەڕێزیان ئاسایی ببووەوە. ڕۆژانێکی سەرماو سۆڵە بوو، بێ سووتەمەنی و بێ دەرامەت بوون، بەڕێوەبەری دارایی هاتە لام و گوتی: بفەرمە لە ماڵەوە دوو بەرمیل بۆ نەوت ئامادە بکەن.

- : نەوت بۆ کێ؟ بۆ من؟ نەخێر، کەی هەمووان گەرمایان بوویەوە، ئەوسا نۆرەی ئێمە دێ. نامەوێ ئەوە چەند کاتە لێرەو لەم پلەیەدا نەمهێشتووە دڵۆپێ بەنزین بکەنە ناو ئۆتۆمبێلەکەمەوە. من ڕۆژانە برادەرانی ئەدیب و هونەرمەندانم دەبینم و ئاگاداری کوێرەوەرییەکانیانم. وەزارەتی ئەو ڕۆژانە هیچی لەبەر دەستا نەبوو. ئێمە هاتینە سەر وێرانە و ئەوەی هەشبوو تاڵان کرا، ڕۆژانێکیش هات، تەخشان و پەخشان بە پارەی وەزارەت دەکرا، ئای بە دەیان ملیۆن دۆلار بە ناوی سینەمای نەبووەوە لووش درا و نەزانرا کوێوە چوون، ئای دەیان ملیۆن دیناری دیکە بە خەرجی کۆشك و ئۆفیسی مەڕمەڕینەوە سەری تیاچوو، وای چەندە چووە تەلاری تەلەفزیۆن و ستۆدیۆمان و ئێستگەی ڕادیۆ و بە بێسەروشوێنی مانەوە. ئەی گرنگیدان بە کەشخەکردنی ئۆفیسەکان بە موبیلیای (ئیتاڵی) چەرمینە و (ئەتەکێتات)ی تورەهات. هەر لەسەر ئەم بابەتە، جارێکیان شاندێکی شانۆی ئەڵمانی لە (بەرلین)ـەوە سەردانیان کردین، ئەوەی باری سەرنجی ڕاکێشابوون، ئەو موبیلیا قەبە و تەنتەنە و فەنتەتانە بوو، بە هەمان شێوە لای شاندی هونەرمەندانی (سوید)یش. من خۆم سەردانی چەندین سەرۆك پەرلەمان و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی ئەوروپیم کردووە، ئەوەی هەستم پێکردووە، ژوورەکانیان تەنیا ئۆفیسی کار ڕاپەراندن بوو.

ئەو ڕۆژانەی کە لە وەزارەت بووم، بەردەوام ڕۆژنامەنووسانی بیانی سەردانیان دەکردین، جگە لە ڕۆژهەڵاتناس و وێنەگری مەزنی فەرەنسی (کریس کۆچێرا) کە چەند جارێك سەردانی کردووم و پاش سەردانەکەی جوانترین وێنەی بۆ ناردوومەتەوە. جارێکیان تووشی ڕۆژنامەنووسێکی سەیرو سەمەرە بووم، هەر پاش پێشوازی، ئەو کات (خاتو گولەر)ی کاری وەرگێڕانی بۆ دەکردم، سەیر لەوەدا بوو، گەڕ گەڕ پرسیاری تووتن و شێوازی ڕواندن و گرنگی لێکردم، منیش خۆم تێکنەدا، زۆر بە وردی لە نووکەوە بۆم باسکردو تەنانەت باسی بەڕێوەبەرایەتی (ئینحصار)ی تووتنم بۆ کرد، دەمزانی، چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە مولْکدار بووین و مۆڵەتی سەد دۆنمی چاندنی تووتنمان هەبوو، کە ساڵانە جووتیارەکانمان کاریان تیادا دەکردو، دەمزانی مەرجەکانی تووتنی باش و ئاو و هەوای چییە و تووتنی



# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

کوێندەرە بەنامێیە. پاشان لێم پرسی: ئەرێ برادەر، دەزانی نە کاری من تووتن و جوتیارییە و نە ئەندازیاری کشتوکاڵیم، من بریکاری وەزیری رۆشنبیریم. بۆ پرسیارەکەتان لە بازنەی پسپۆڕییەکەی مندا نەبوو؟ دە کە واتە با من وەك شانۆڤانێکی کورد پرسیاری (ئەپسین- ی نەرویجی)ت لێ بکەم. کەوتمە سەر باسی شانۆی نەرویج و خاڵ بە خاڵی تایبەتمەندییەکانی شانۆی ئەپسین کە دادەنرێ بە رابەری شانۆی ریالیزم .. ئەوەی هەبوو، نەبوو، بۆم باسکرد. ئەوسا پێم وت: هیچی ترت لەسەر تووتن ناوێ؟!

هەر لەو ساڵەدا بوو، هونەرمەندی نیگارکێشی بەتوانا (محەمەد ساڵەیی) پێشانگایەکی (کاریکاتێری) جوانی لە گەلەری میدیا پێشان دا، کە تایبەت بوو بە بەرپرسانی حکومەت و حزبی، وێنەیەکی جوانی منیشی کردبوو کە تابلۆی وەزارەتی رۆشنبیری لەبن هەنگڵێکمایە و لە لەکای تریشدا تابلۆی شانۆی کوردی، ئەوەی جێگای سەرنج و دڵخۆشی بوو، هیچ کەسێ لەو بەرپرسانە، جگە لە سوپاس، کەسیان گلەیی و گازندەی نەبوو.

بەهەرحاڵ ساڵێك لە ساڵە هەرە ناخۆشەکانی ژیانم بەسەر برد، لە سەرووی هەمووشیانەوە، تەقریرنووسانی مێشك پووت، رۆژ نەبوو، بە داخەوە، لە لقێکەوە، خوانەناسانە نەنووسن. جارێکیان لەسەر پەڕاندنی وشەی (بەڕێز) داروبەردیان تێگەیاند، ئەوە بوو دەست برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کەوت و کرایە بنێشتە خۆشەی دەم کەناڵەکانی راگەیاندن. من گلەییان لێ ناکەم، گوناهی ئەوانی تێدا نییە. خودا ئەو کەللەپووتانەی لەمەڕ خۆمان بگرێ.

کورد دەڵێ: «قسە قسەی دێنێ»، ئەوە ئێوارەیەك لە سەندیکای هونەرمەندانی لقی سلێمانی بووین، مامۆستا (کاوە ئەحمەد میرزا)ی هونەرمەند وتی: دە وەرە پێنەکەنی!

وتم: کاکە کاوە گیان خێرە؟

وتی: ئەوە لە چالاکیی قوتابخانەکان بووین، کاك قادر مستەفا (مەبەستی لە خوالێخۆشبوو مامە قالەی هونەرمەند بوو) لە ناو ئەو هەمووانەدا، کە گشتیان قژێکی چڕوپڕی جوانیان هەیە، ئیرەیی بەم دوو تاڵەی سەری من ئەبات، گوایە لە سەرە رووتاوەکەی ئەو باشترە. هەر لەسەر ئەم نابەجێیە، ئەوە لەو ساڵانەدا چوار هونەرمەندی برادەر بەرەو هەولێر هاتبوون، نزیك شارۆچکەی (پیرە مەگروون) تووشی رووداو هاتبوون، بەداخەوە دووانیان گیانیان لە دەست داو دوانیان بە سەختی بریندار بوون، کە هونەرمەندان (شۆڕش قادر) و (عەلی کەریم) بوون، چوومە سەردانیان، کاکە (شۆڕش) بەناوبانگە بە قسەی خۆش، پرسیم: کاکە (شۆڕش) ئێستا چۆنی؟

وتی: باش نیم، خۆزگەم بە کاکە (عەلی) سەیری بکە چەند ئەو دەبەو سۆندەیەی لێهاتووە.

ئەویش هاتە قسەو وتی: باشە کوڕی باش هیچم نەما حەسوودی پێ بەری، ئەم وێرانحاڵییەی من نەبێ، گوایە دەبەو سۆندەکەم لێ دەوەشێنەوە. منیش بەو راپۆرتنووسە چڵیسانە دەڵێم: باشە لە ناو ئەو هەموو پلەی وەزیر و بەرپرسانەدا، بۆ بە تەنیا چاوی تەماکاریتان لە شوێنەکەی من بڕیبوو؟!

سوپاس بۆ خوا هێندە کنەیان تیادا کردبووم، رۆژێکیان لە مەکتەبی سیاسییەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم، سەعات چواری پاش نیوەڕۆ لەوێ ئامادە بم، دیارە هەمان تەلەفۆنیان بۆ براکانم (ساڵح فەتاح ئاغای هەرکی) و (ئەکرەم عیزەت نەجیب) کردبوو، جەنابی مامۆستا (عەلی عەبدوڵا) پێشوازی لێکردین و بە منی وت: تۆ دەگەڕێیتەوە پەرلەمان و هەروەها کاك ئەکرەم. من بەش بە حاڵی خۆم لە خۆشییاندا نەمدەزانی چی بکەم، لەماڵیشەوە لە پەژارەدا بوون، نەیاندەزانی بۆچی بانگ کراوم، هەر کە گەیشتمەوە، مژدەم دانێ، کە لەو کۆتە ئازادکرام و کردمە بەزم و خۆشی.

بەیانی زوو چووم و خواحافیزیم لە کاك (شێرکۆ بێکەس) کرد، زۆر پەست و دڵتەنگ بوو، خواحافیزیم لە هەمووان کرد بەر لەوەی فەرمانەکە بگاتە وەزارەت، بەڵام هەر هەمووان بە دڵی پڕەوە ماڵئاواییان لێکردم.

هەمیشە بە دڵ وتوومە، من خاوەنی تەخت و تاجی ئەدەب و هونەرم، کەسیش ناتوانێ جگە لە مەرگ ئەو تەخت و تاجەم لێوەرگرێتەوە. بەڵام زۆر هەن کە کورسی و پلەکەیان نەما، خۆشیان نامێنێ. بەڵام من هەر خۆمم و هیچ ناگۆڕێم و نەگۆڕاوم. نووسیبویان تەنانەت رێز لە خزمەتگوزاریش دەگرێ، دەڵێ ئەوە پەروەردەی بنەماڵەییە، بۆیە هەرگیز نەمتوانی رووشکێنی هەژارێ بکەم، بەڵام سووکایەتیم بە لووت بەرزان کردووە.

**بەڕێز (د.فوئاد مەعسووم)ی سەرۆک وەزیران یەک یەکی ئێمەی بە (کۆنۆنێل) ناساند، کە گەیشتە سەر من، بەڕێزیان فەرمووی: ئەمە شکسپێری ئێمەیە و رابەری شانۆی کوردستانە. ئیدی (کۆلۆنێل) تێر دەستی گوشیم**

**هەمیشە بە دڵ وتوومە، من خاوەنی تەخت و تاجی ئەدەب و هونەرم، کەسیش ناتوانێ جگە لە مەرگ ئەو تەخت و تاجەم لێوەرگرێتەوە**

**بەیانی زوو چووم و خواحافیزیم لە کاک (شێرکۆ بێکەس) کرد، زۆر پەست و دڵتەنگ بوو، خواحافیزیم لە هەمووان کرد بەر لەوەی فەرمانەکە بگاتە وەزارەت، بەڵام هەر هەمووان بە دڵی پڕەوە ماڵئاواییان لێکردم**

### هونەرمەند ئەمیرە وەنداوی:

# هونەری شێوەکاری زادەی ژینگەیە، هونەرمەندیش کەسێکە بێ دیسپلین

ئەمیرە وەنداوی خانمە هونەرمەندێکی شێوەکاری عێراقییە، لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە لە ئەڵمانیا دەژی. ئەو کچی ماڵباتێکی کوردە و لە بەغدا لەدایك بووە. هەر لە منداڵییەوە حەزی بە هەردوو هونەری نیگار و خۆشنووسی کردووە. هونەری نیگار و هونەری شێوەکاریی بە گشتی لە ئەڵمانیا خوێندووە. لە چەندین پیشانگای هونەری کە لە ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و میسر و مەغریب کراونەتەوە، بەشداریی کردووە. تابلۆکانی لە هەندێ لە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا وەك کۆمپانیای (IBM) و (AOK) و (دویچە بانك)دا نمایش کراون. لە کارکردندا خاوەن شێوازێکی ئەبستراکت و تابلۆی پڕ لە ڕەنگی گەرم و گوڕە، جگە لەوەی هونەری خۆشنووسی بە شێوازێکی تایبەت لە نێو تابلۆکانیدا بەکار دەهێنێت، کە سەرنجی گەلێك لە ڕەخنەگر و هونەرمەندانی دیاری بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. بەرنامەیەکی هەیە پیشانگایەك لە هەولێردا بکاتەوە، کە کۆمەڵێك تابلۆی تێدا نمایش بکات، تابلۆکانی ئەو پیشانگایەش لە کەلەپوور و وێژەی کوردەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ بەسەر کردنەوەی دیدی هونەریانەی (ئەمیرە ونداوی) و پەی بردن بە لایەنێك لە رازی گوتارە جوانەکەی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا کرد:



*** گوتاری دیدەیی لە هونەری شێوەکاری لە نێوانی ئاشکرا گوتن و شاردنەوەی گوتاردا دێت و دەچێت، لە پەیوەند بە بینەرانەوە، ئاشکرا گوتن یان شاردنەوەی لەگەڵ خەسڵەتی هونەری شێوەکاریدا دەگونجێت؟**

- بەهای کاری هونەری لە لایەکەوە لە جوانیی بنیاتەکەیدایە، لە لایەکی دیکەشەوە لەو واتا و پەیامەدایە کە پێیەتی. ئیدی سەبارەت بە زاڵ کردنی یەکێك لەم دوو لایەنە، هونەرمەندان و بینەرانی هونەریش بۆچوونی جیاجیایان هەیە. هەموو ئەم شتەش تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئاستی کولتوور و پاشخانی هونەرمەند و بینەرەکەشەوە. لە تابلۆکانی مندا، بابەتی سەرەکی هەمیشە ئامادەیە، هەوڵ دەدەم زێدەڕۆیی لە شاردنەوەیدا نەکەم، ئیدی چێژی دۆزینەوەشی هەر بۆ بینەر جێ دەهێڵم. هەڵبەت لە هەمان کاتدا رقم لە سادەکاری دەبێتەوە، یان توخمی ناپێویست بخزێتە نێو کاری هونەرییەوە، کە ببێتە شتێکی هاوشێوەی گێڕانەوە. جیاوازیی نێوان شێوازی شاردنەوە و ئاشکرا گوتن لەم حاڵەتەدا بە لای منەوە، وەك جیاوازیی نێوان گوێ گرتنە لە گۆرانییەکی فەیروز و گوێ گرتن بۆ نموونە لە بڕگەیەکی هەواڵ.

*** ئایا هونەری شێوەکاری دەتوانێ کاریگەریی ئەو ژینگەیەی سروشت و ژینگە مرۆییە تێپەڕێنێت کە تێیاندا دروست دەبێت؟ ئایا دەکرێ هونەری شێوەکاری بە بەهانەیەك دابندرێت بۆ هەڵاتن لە دەرکەوتی سەخت و دژواری واقیع، یان بانگەوازێك بێت دژ بە رواڵەتەکانی چەوتی و لادان لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا؟**

- هونەری شێوەکاری وەك هونەرەکانی دیکە زادەی ژینگەیە، هەروەها گوزارشتە لە ژینگە، بەڵام هونەرمەند کەسێکە بێ دیسپلین، حەز بە یاخی بوون دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو ناچارە ملکەچی ئەو رێڕەوە گشتییەش بێت کە جڤاك بە سەریدا دەیسەپێنێت، هەڵبەت جەماوەری هونەرەکەشی بەشێکە لەو جڤاکە. ئەم گرفتەش بە درێژایی مێژوو هەندێ شاکاری هونەریی هێناوەتە بەرهەم کە تا ئەمڕۆ لە رووی واتا و رازی بێ کۆتاییانەوە، بوونەتە مایەی سەرسوڕمان بۆ رەخنەگرانی ئەم سەردەمەی هونەر.

*** پەیڤی «راستی» فیگەرێکی هەرە دیار بوو لە یەکێ لە تابلۆکانت، جا ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لە زەمانی (ناڕاستی)دا دەژین؟**

-زەمان بۆ راستی یان ناڕاستی دابەش ناکرێت، راستی و درۆ بەشێکن لە خەسڵەتی مرۆڤ، بەشێکی رەسەنن لە ناخیدا، لە دەسپێکی دروست بوونی مرۆڤەوە ئەم دوو چەمکە یار و یاوەری ئەو بوون. وەك جووتە دژانی دیکەی گەردوون یەکدی تەواو دەکەن، وەك رووناکی و تاریکی. لە کاتێکدا کە گرفتی راستی و درۆ بە زۆری بە دەوری ئەوەدا دەخولێتەوە کە مرۆڤ بە ئاشکرا دەیڵێت و گوتوویەتی، هاوکات لایەنێکی دیکەی راستی بە پەنهان و شاراوەیی لە قووڵایی دەروونی مرۆڤدا دەمێنێتەوە، ئەوانەش ئەو راستییانەن کە بێ دەنگییان لە ئاستدا کراوە، کە لەبەر مەرایی و دووڕوویی یان لەبەر خۆشەویستی و خاترانە، مرۆڤ بە کەسانی دیکەی راناگەیەنێت. جاری وا هەیە ئێمە کۆشش دەکەین بۆ شاردنەوەی ئەو راستییەی لە ناخماندایە، پەردەی قورسی بە سەردا دەدەین، بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی خۆشمان دەوێت، یان لە پێناو ئەوەی بە ئاشتی و ئاسوودەییەوە درێژە بە ژیانی خۆمان لە نێو ئەوانی دیکەدا بدەین. پێم وایە زۆر لە کێشەکانمان چارەسەر دەبن، ئەگەر لە بری ئەوەی ئەوان دادگایی بکەین، هەوڵ بدەین لێیان حاڵی بین.


*** خوێندنەوەی ئێستای هونەرمەندی شێوەکاری عیراقی بۆ واقیعی وڵات و کۆمەڵەکەی بەدەر نییە لە پەنا بردن بۆ رابردوو و هێماکانی، ئەم پەنا بردنە بۆ رابردوو چ پاساوێکی هەیە؟**


- سێ و دوو لەوەدا نییە کە عیراق خاوەنی شارستانیەت و مێژوویەکە، کە لە نێو شارستانیەتی گەل و نەتەوەکانی دیکەدا هەرە دێرینە. پەنا بردن بۆ هێماکانی ئەو شارستانیەت و مێژووە لە بەرهەمی شێوەکاریدا، بە رای من هاوسەنگیی دەروونی و رۆحی لە لای هونەرمەند دروست دەکات، ئەمیش چاوی لەوەیە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کەلەپووری وڵاتەکەی بەتین بکات، ئەمە لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە دەیەوێ پەیوەست بە گۆشەگیرییەکەی خۆی بێت، هەمبەر بە واقیعێکی تاڵ کە بە داخەوە ئێستا وڵاتەکە تێیدا دەژیت.

*** گەلێك لە شێوەکارانی عەرەب و شێوەکارانی ئەو گەلانەی کە زمانەکەیان بە ئەلف و بێی (ئارامی- عەرەبی) دەنووسن، پیتەکانی ئەو ئەلف و بێیە وەك فیگەری شێوەکاری بەکار دەهێنن. ئاخۆ تا چ ئەندازەیەك دەکرێت پشت بە جوانیی هونەری خۆشنووسی و پیتخوازی لە گوتاری شێوەکاریدا ببەسترێت؟**

- هونەری خۆشنووسی (خەتی عەرەبی) خۆبەخۆ جوانە، بە چەمانەوەی پیتەکانی و جۆرە جوانەکانی خەتەکەی، کە بە باڵاترین نموونەی هونەری ئەبستراکت دادەندرێت. ئەم هونەرەش لە سەر دەستی پیری خۆشنووسان، خۆشنووسی ناوداری کورد، حامیدی ئامەدی (١٨٩١- ١٩٨٢) بە لووتکەی ئێستای گەیشت. بەکار هێنانی خۆشنووسی لە نێو تابلۆ و بەرهەمی شێوەکاریدا یان وەك پێی دەڵێن (پیتخوازی)، کارێکی نیمچە نوێباوە، وێڕای ئەوەی زۆرن ئەوانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە، بەڵام ئەوانەی داهێنانیان تێدا کردووە ژمارەیان لە پەنجەی دەستان تێپەڕ ناکات. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی، بەکار هێنانی پیت ئەرکێکی نوێ دەخاتە ئەستۆی هونەرمەندی شێوەکارەوە، ئەویش بەندە بە رێسای ورد و ئەندازەییانەی هونەری خۆشنووسی، کە ئەگەر هاتوو بە دروستی نەیزانی و لە کاتی دروست کردنی بەرهەمی هونەریدا بە باشی کاری پێ نەکرد، ئەوا لە یەك کاتدا هەم بەهای ستاتیکی و بەهای گوزارەخوازانەی بەرهەمەکەی لەدەست دەدات.

دوا قسەشم ئەوەیە، سوپاس بۆ گۆڤاری (گوڵان) کە دەرفەتی بەیەك گەیشتنی بۆ رەخساندم لەگەڵ خۆشەویستانم لە کوردستان.









# جوانی دەرگاکانی بۆ کردۆتەوە

ژمارەیەك رۆژنامەنووسی توركی چەند وێنەیەكی خانمە ئەكتەری توركی سیرینا ساریكایایان بڵاوكردەوە لە كاتی وەستانی لە خاڵێكی پشكنینی پۆلیس لە ناوچەی كورك تشیشمی كە بە هۆی چەند رووداوێكەوە رێوشوێنی ئەمنی توند گیرا بووە بەر و چەندین خاڵی پشكنین وهێزە ئەمنییەكانی توركیا لەو ناوچەیە دانرا بوو.

ئەوەی مایەی سەرنجی رۆژنامەنووسانی بۆ لای خۆی راكێشا ئەوە بوو كاتێك پۆلیسەكان سەیری ناو ئۆتۆمبیلەكەیان كرد و زانییان ئەوەی لە دواوەی ئۆتۆمبیلەكە دانیشتووە، بێ ئەوەی پرسیاری ناو و ناسنامەی لێ بكەن رێگایان پێیدا بڕوات، ئەم كارە پۆلیسی خستە بارێكی ناخۆشەوە بەرامبەر بە رای گشتی و رەخنەیەكی زۆریشیان لە دەزگای پۆلیس گرت بەتایبەتی دوای ئەوەی چەندین ماڵپەڕ وێنەكانیان بڵاو كردەوە و رایانگەیاند كە جوانی سیرینا بۆتە هۆی ئەوەی پۆلیس جیاوازی بكەن لە نێوان ئەكتەر و كەسانی بكەن بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئاسایشی وڵات. تا ئێستا سیرینا هیچ روونكردنەوەیەكی بەرامبەر بەم رووداوە بڵاو نەكردۆتەوە، بەڵام بەشێك لەو تۆڕە كۆمەڵایەتی و ماڵپەڕانە رەخنەیان لە سیرینا و پۆلیس گرت و باسیان لەو كردووە پێویستە سیرینا خۆی بەم كارەی رازی نەبووایە و خۆی بە پۆلیس ناساندبا وەك هەر هاووڵاتییەكی توركیا، چونكە توركیا ئێستا بە بارودۆخێكی سەختدا دەڕوات و پێویستی بە هەماهەنگی و هاوكاریی هەموو هاووڵاتیانی توركیا هەیە.

# تیرۆن باس لە کوشتنی باوکی دەکات



ماوەیەك بەر لە ئێستا باوکی خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد چارلز تیرۆن لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لەلایەن دایکیەوە کوژرا، ئەمەش بە ناخۆشترین قۆناغەکانی ژیانی ئەم خانمە ئەکتەرە ئەژمار دەکرێت.

دوای چەند ساڵێك بە سەر ڕووداوەکە چارلز تیرۆنی تەمەنی ٤١ ساڵ ڕایگەیاند کە بۆ چەندین ساڵ ڕووداوەکەی وەك نهێنی لای خۆی هێشتۆتەوە، بەڵکو وا خۆی نیشان داوە کە هیچ ڕووداوێك ڕووی نەداوە، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ماڵپەڕی (Justjared) دەربارەی ڕووداوەکە وتی: تا ئێستا لەگەڵ کە باسم نەکردووە و هەر کەسێك پرسیاری لێ کردبم، پێم وتووە کە باوکم بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەستداوە، کێ باسی ئەم ڕووداوەی کردووە؟

تیرۆن زیاتر لە بارەی ڕووداوەکە وتی: حەزم نەکرد کە هەست بەوە بکەم من قوربانیم، چونکە بۆ ماوەی چەندین ساڵ من قوربانی بووم، تەنانەت ناچار بووم چارەسەری دەروونی وەربگرم لە تەمەنی بیست ساڵیدا، دایکم کەسێکی زۆر خۆشەویستە لای من و سەرچاوەی ئیلهامێکی گەورەیە لە ژیانمدا، فەلسەفەی دایکم هەمیشە ئەوە بوو کە ئەوەی ڕوویدا ڕووداوێکی ترسناك بوو، ئێستا پێویستە یەك لەو دوو شتە هەڵبژێری، ئایا ڕێگا دەدەی ئەم ڕووداوە کاریگەریی لەسەر ژیانت هەبێت؟ یاخود مەلە دەکەی و دەخنکێی؟

بەپێی ماڵپەڕی ناوبراو شەوێکیان باوکی تیرۆن بە چەك هێرشە کردە سەر تیرۆن و دایکی و خەریك بوو بیانکوژێ، دایکیشی چەکەکەی لێسەندووە و بریندار کردووە و لە ئەنجامی ئەو برینانە گیانی لە دەست داوە.



# عەمرو خان قەدەغەیە کار لەگەڵ سەلمان خان بکات

دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری ناسراوی هیندی ڕاجکۆمار سانتۆشی ڕایگەیاند کە هەر یەکە لە ئەستێرەی بۆڵیۆد سەلمان خان و عامر خان ناتوانن بە هیچ شێوەیەك لە یەك کاتدا بەشداری لە هیچ فیلم و کارێکی هونەریدا بەشداری بکەن.

ئەم لێدوانەی ڕانجکۆمار دوای ئەوە هات کە بڕیار وا بوو ئەم دوو ئەستێرەیە بەشداری لە فیلمی (Ändaz Apna Apna)دا بکەن، بەڵام ڕایگەیاند کە فیلمەکە دوو کەسایەتی بچووکتری پێویستە بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی تێدا ببینن، هەرچەندە پێشتر بەشدارییان لە زۆر کاری هونەریدا کردووە و سەرکەوتنی زۆریشیان بەدەستهێناوە بە هۆی ژمارەی زۆری جەماوەری هەردووکیان.

لە لایەکی دیکەوە سەلمان خان و کاترینا کییف سەرقاڵی وێنەگرتنی دوایین فیلمیانن بە ناوی (tiger zinda hai) لە شاری سویرەی وڵاتی مەغریب، ئەم فیلمە تەواوکەری پرۆژەیەکی سینەمایی پێشووتری سەلمان خانە کە لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی پێکردووە، هەروەها دوای پێنج ساڵ دابڕان و دوورکەوتنەوە دیسان کاترینا و سەلمان خان بەشداری لە کارێکی هاوبەشدا دەکەن.

شایەنی باسە دوای هۆڵیۆد ئێستا بەشێکی زۆری دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرانی بۆڵیۆدیش ڕوو لە وڵاتی مەغریب دەکەن بۆ تۆمار کردنی نوێترین فیلمەکانیان، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و گونجاوی شارەکانی مەغریب بۆ تۆمار کردنی فیلم.